# نا بۆ فیدڕالیزم ، بەڵی بۆ سەربەخۆیی فیدڕالیستی!



ئەیوب ڕەحمانی
18 ی جۆزەردانی 2707

ڕێک بە دوا جیا بونەوەکەی ساڵی 2000 دا کە لە ناو کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕویدا، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ستراتێژی داهاتوی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فیدڕالیزم لە چوار چێوەی مزایکی ئێرانێکی فیدڕاتیڤدا دیاری کرد و ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بە داخەوە تا ئێستا ڕونکردنەوەیێکی ڕون و تیئۆریکی ئەوتۆ، یا خۆ سەنەدێکی دیاریکراو لەمەڕ ئەم فیدڕالیزمەی کە جێگای باسە نەخراوەتە بەر دەستی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی.
چەند ساڵ دواتر، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش لە کۆنگرەی 13ی خۆیدا، بە تێکرای دەنگ ئەم شێوە لە حکومەتەی، واتە فیدڕالیزمی بۆ داهاتوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گشت ئێران پەسەند کرد و شیعاری زیاتر لە 50 ساڵەی خۆی کە دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بو هەر لەم کۆنگرەدا ڕەت کردەوە و شایانی باسە کە ئەم حیزبەش تا ئێستا لە سەر چەند و چۆنی ئەم فیدڕالیزمە نە ڕۆیشتون و ڕای گشتی خەڵک لە بۆچونی ئەمانیش لەمەڕ فیدڕالیزمی داهاتو ڕۆشن نیە. هەروەها دوای جیابونەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- ئێرانیش لە حیزبی دێمۆکرات، ئێستاش باسی چۆنیەتی فیدڕالیزمی جێگای باس نەکراوە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵەش، هەنوکە هەر لە سەر شیعارە کۆنەکەی خۆی بۆ حەلی کێشەی نەتەوایەتی، واتە مافی چارەی خۆ نوسین سورە و هیچ ئاڵ و گۆڕێک بە سەر ستراتێژی ئەم حیزبەدا نەهاتوە. هەر بۆیە مەبەستی ئەم نوسراوەیە، ئەم حیزبە ناگرێتە خۆی.
خەڵکی کورد حەقیانە و مافی بێ کەم و کوڕی خۆیانە کە بزانن، کاتێک کە حیزبەکانی کوردستان باسی فیدڕالیزم دەکەن، مەبەستیان چیە؟ ئەو حکومەتی فیدڕاڵەی کە مەبەستیانە، لە داهاتودا چۆن دەبێت؟ هەڵبژاردن چۆن دەبێت؟ جێگا و ڕێگا و پێگەی خەڵک چی لێ دێتەوە؟ ئایا ئەم سیستەم و شێوەی حکومەتە فەراغی باڵیان دەداتێ، یا خۆ سەرکوتیان دەکات؟ ئایا دێمۆکراسیان پێ دەبەخشێت؟ شێوەی دێمۆکراسیەکەی چلۆنە؟ پێش ئەوەی خەڵک بچنە پای هەر جۆرە هەڵبژاردنێک، ئایا ئەوان دەزانن بە چی دەنگ بەن؟ بە کێ دەنگ بەن؟ یا نەخەیر لازم ناکات و حیزبەکان خۆیان بۆیان دیاری دەکەن؟ جێگا و پێگەی ئاین چی لێ دێتەوە و ڕادەی دەسەڵاتی ئایین چۆن دەبێت؟ سکولاریزم و جیایی دین لە دەوڵەت بە کوێ دەگات؟ مالکیەتی خسوسی دەمێنێت یا نامێنێت؟ نەخۆشخانەکان و خوێندنگاکان بە پێی داهاتی نەوت و گاز، حکومی دەکرێنەوە یا هەر لە سەر شانی خەڵک دەمێننەوە و فەقیر و هەژار وەک هەمیشە لێیان بێبەش دەمێننەوە؟ بیمە بۆ هەمو کەس لە کاتی لە دایک بونەوە ئیجباری دەکرێتەوە یا خۆ هەر کەس بە هەوەسی خۆی دەبێت؟ چارەنوسی سینتڕالیزمی دێمۆکراتیک بە کوێ دەگات؟ پارلەمان چۆن دروست دەکرێت؟ لە هەمو گرنگتر بودجەی نیزامی و سەربازی چۆن دەبێت؟ ئایا ئەم بودجە بە خەسار چوە کەلانە کەمتر و سنوردار دەکرێتەوە یاخۆ لە داهاتوشدا لە بیری سدوری

شۆڕش بۆ هەمو جیهان دەمێنینەوە و ئێمەش وەک عەجەمان دەچین ئیسرائیل دەکوژێنینەوە[1]؟!!! ئەم پرسیارانە و دەیان و سەدان پرسیاری هاوشێوەی تر، درەنگ یا زۆ یەخەی کۆمەڵگا و خەڵک و حیزبەکان دەگرنەوە، جا بۆیە باشتر وایە کە خەڵکی کوردستان وشیار بنەوە و بە زانیاری تەواوەوە بچنە پای هەڵبژاردنی هەر جۆرە چارەنوسێک. هەمو حیزبەکان و کۆمەڵانی خەڵک هەمو پێکەوە و بە لێک حاڵی بون دەتوانن باشترین بڕیار بدۆزنەوە بۆ چارەنوسی گەلەکەیان و هەمو پێکەوە دەتوانن بەرژەوەندی گشتی بپارێزن. نەک تاک و حیزب، نەک ڕێبەرێک بە تەنیا. حیزب و تاک بەرژەوەندی خۆیان و حیزبەکەیانیان لە پێش خەڵکەوە و لە پێش حیزبەکانیترەوە بە لاوە گرنگترە. ڕەقابەتی حیزبەکان لە حاڵی حازردا و بە تایبەت لە داهاتوشدا بۆ پچڕینی بەشی زۆرتر، زۆرترین وزە و هێز و توانای حیزبەکان بە خۆیانەوە گیرۆدە دەکەن و هەر ڕێک لەم پچڕ پچڕەدایە، کە چاوی لە کەمین دانیشتوی دوژمنان و چاو چنۆکانی تەماحکاری ڕەزیل، دەکەونە بنجە و بناوانی حیزبەکانەوە و لە دژی یەکتر هانیان دەدەن و سیاسەتی کۆنی کۆلۆنیالیستی، واتە "تەفرەقە و جیایی دروست کە و خۆت حکومەت بکە" وەڕێ دەخەنەوە. هەر لێرەدایە کە بۆ هەمیشە دەبێت وشیار بینەوە کە سەربەخۆیی بون و خەڵکی بونی حیزبەکان زۆر گرنگە و تەنانەت قەبولکردنی شیعار و ڕێنوێنیە ستراتێژیەکانی ئەم حیزبانە، بەس لە بەر خاتری ئەوەی کە سەمپاتیم بەو حیزبە هەیە، قەبوڵ نەکرێن، بەڵکو لە ڕوی خوێندنەوە و مەنتقێکی دروستەوە بچینە ژێر باری هەر جۆرە بڕیارێکی ستراتێژیکەوە.

بە کورتی لە جیهانی مودێرنی ئەوڕۆدا <u>خۆ بە خاوەنی خەڵک کردن</u> باوی نەماوە و ڕێگای پێ نادرێت.

هەر بۆیە بە دەستەوە گرتنی هێزی حکومەتی، لە لایەن کەسانێکەوە کە خەڵکیان لە پشت نەبێت، یا خۆ خەڵک بڕیاریان لە سەر نەدابێت، دەبێت بە زۆر بچەسبێت و لە نەزەر مەنتقیەوە، حکومەتێکی هاوردەیە. ئەمر و فەرمانێک کە بە زۆر خۆی داسەپاند: **یەکەم** ئەوە کە نیزامێکی خەڵکی و مەحبوب و جێگای ئیعتیمادی ڕای گشتی نیە، واتە بە ئیرادەی گشتی خەڵک پەسەند نەکراوە و درەنگ یا زو بۆ بە هێز کردنی بنەماکانی خۆی، دەکەوێتە سەرکوتی خەڵک و ئازادیخوازان و بیرجیاوازان (ئەڵبەت بە ناوی پەیڕەوی یاسا و قانون و دژایەتی لە بەرانبەر ئازادیخوازان بە ناوی سەرکوتی "دوژمنانی گەڵ"، نەک دوژمنانی حکومەتی هاوردە)، و هتد و هەمو ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی خۆی ژێر پێ دەنێت و **دوهەم** ئەوەی کە ئەم حکومەتە هاوردە، نوێنەری خەڵکی ئەو وڵاتە نیە، بەڵکو <u>نوێنەری ئەو حکومەتە بێگانانەیە کە هێناویانە</u>، نمونەی حکومەتی شای ئێران دوای کودەتای 28ی گەلاوێژ کە موسەدق بە دەستی ئینگلیس و ئەمریکا کودەتای لێکرا و حکومەتیان داوە دەست شای هاوردەی خۆیان، یا خۆ حکومەتی ئیسلامی دوای شۆڕشی ڕێبەندانی 1357 (فێوریەی 1979) لە ئێران و بڕیاری هێنانە سەر حوکمی، خومەینی لە دوای کۆبونەوەی گوادلۆپ. بۆ ئاگاداری خوێنەری هێژا، ئێستاش قەرارداد و پەیمانە 30 ساڵەکانی ئەو کاتی حکومەتی ئیسلامی لە گەڵ شیرکەتە عەزیمە نەوتیەکانی بریتانیا و فەڕانسا، بۆ نمونە شیرکەتی تۆتاڵ تەواو نەبوە، واتە هێنانە سەر قودرەتی حکومەتی ئیسلامی بە نرخی 30 ساڵ تالانکردنی نەوت و گازی ئێران و قەراردادە نەنگینە نەوتیەکان!!! ئەمەیە بەرهەمی حکومەتی هاوردە!

هەر بۆیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا با باوی ئەوەش بێت کە حکومەتە سەرمایەداریە بێگانەکان دەست بخاتە ناو کار و باری وڵاتەکەت و لە سەر نرخی نەوت و گاز، مەعامەلە بە چارەنوسی نەتەوەیێک بکەن، بەڵام ئەوە ئیرادەی پۆڵایینی ئەو نەتەوە، حیسی ئیعتیماد بە خۆ و ڕادەی زانایی و تێگەیشتویی و باوەڕی قوڵ بە سەربەستی و سەربەخۆیی ئەو نەتەوەیە کە ناهێڵێت زلهێزەکان دەست

[1] لێرەدا بەبەستم تەوهین بە کەس نیە، وشەی عەجەمم بۆ تەنەوعی نوسینەکە هێناوە و دەزانم کە کوردیش قەت بە تەما نەبوە بچێت و ئیسرائیل لە ناو بەرێت، هەم بۆی ناکرێت و هەم پێویستی پێی نیە!

بخەنە ناو کارو باری وڵاتەکەیانەوە، ڕادەی سەربەستی حیزبەکانە کە دەتوانێت دژی هەر جۆرە پلانێکی کۆلۆنیالیستی کردنی وڵاتەکەی ڕابوەستێت. ئەورۆ ئیتر لە سایەی ئینتێرنێت و سەتەلایت، خەڵک دەتوانن بە کۆ کردنەوەی ئیمزا و تۆمار و پێتیسیۆن، شکایەتی خۆیان لە دژی هەر وڵاتێک کە دەست لە کار و باریانەوە بدات، بخەنە بەر دەستی ڕای گشتی خەڵکی جیهان و دژی هەر جۆرە کۆلۆنیالیزە کرانی وڵاتەکەیان ڕابوەستن، بە بێ ئەوەی کە گوێ بۆ ئەم شیعارە کۆنە بگرن کە "کوا ئێمە شەڕی ئەوانمان پێ دەکرێت" و تەنانەت بە بێ ئەوەی کە بچنە شەڕی چەکداری لە دژی وڵاتی داگیر کەر یا خۆ کۆلۆنیالیست، دەتوانن لە ڕێگای ڕیفڕاندۆم، ڕێپێوان و ناڕەزایەتی لە دژی داگیرکەر ڕابوەستن! چاو لە ڕژیمی ئێران مەکەن کە بە کوشتن وڵامی هەر جۆرە ناڕەزایەتییێک دەداتەوە، ئەم ڕژیمە ئاو لە سەری گوزەراوە و لێی ناگیرێ، وەک ڕژیمی بەعسی سەدام و ئەسەد شێتە!! ڕژیمی دەڵقەکی ئوروپایەکانیش واتە تورکیە با بمێنێت!

## نا بۆ فیدڕالیزم لە چوار چێوەی وڵاتی داگیرکەری پێشودا

بە بڕوای من هەر جۆرە ئیئتیلافێکی فیدڕالیستی لە چوار چێوەی ئێراندا، ئیئتیلافێکی موخەڕب و نا موبارەک و نا سەرکەوتو دەبێت. لە بەر ئەوەی کە کوردوستان ئێستاشی لە گەڵ بێت و لە سیستەمی فیدڕالیستی فەرزی داهاتوشدا و تا 100 ساڵی ئایەندەش هەر وابەستەیە بە باقی ئێران. لە بەر ئەوەی کە عەجەم سەگن[2] و بەرنامە و پالانی ناسەربەخۆ بونی کوردستانیان تا 100 ساڵی داهاتوش داناوە. هەروەها و هەر وەک لە سەریشەوە ئیشارەم پێکردوە، جارێ هیچ کەس و تەنانەت حیزبەکانیش بۆ خۆیان بە تەواوی نازانن کە ئەم فیدڕالیزمە تەخەیولیەی داهاتو چۆن دەبێت؟ ئایا فیدڕالیزمی نەتەوەیە؟ ئایینیە؟ ڕەسەنیە؟ ئوستانیە؟ یا نەخەیر ئەیالەتی و ویلایەتیە؟ ئەگەر وانیە با سەنەدێک لەم بارەوە بخەنە بەر چاوی خەڵک!
کۆسپە جیدیەکانی سەر ڕێگای فیدڕالیزم لە چوارچێوەی ئێراندا ئەمانەن کە:

- ئایا کێشەی کورد لە خۆی و بازرگان و ماکۆ و بەحرۆکی ورمێ چۆن حەل دەکرێن، لە کاتێکدا کە پانئازەریەکان شاری مەهابادیش بە هی خۆیان دەزانن و قەرارە لە سەر مەهاباد بمانکێشنە پای مێزی مەحاکمە؟!! چ گاڕانتییێک هەیە کە قاڕنێ و قەلاتان و سەوزێ و تەڕەگوڵ دوبارە قەتڵ و عام ناکرێنەوە؟
- فارسەکانیش کرماشان و ئیلام هەر بە هی خۆیان و بە شیعەیان دەزانن وهەروا بە ئاسانی دەستبەرداری نابن؟!! دیارە ئەوان هەمو کوردستان بە هی خۆیان دەزانن و جار و بار لێرە و لەوێ، لەم کانالە تەبعیدیانە لێیان دەبیستری کە دەڵێن، ئەگەر کورد نایەوێ لە ئێران بژیت، با بڕواتە دەر، واتە خاکەکە چۆڵ کات و ڕەسمی پشیلەکە تێک نەدات[3]!!!
- کێشەی ئایین چۆن جێ بە جێ دەکرێت، لە حاڵێکدا کە ئازەریەکان و فارسەکان و عەڕەبەکان و گیلەکیەکان و بەشێکیش لە کوردەکان شیعەن و بەس کورد و بەلوچ سونەن، ئەمانیش لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئێران؟
- کێشەی بەڵۆعەی گازی کوردستان کە لە هەمەدانە چی لێ دەکرێت، ئەمە ڕەگی تورموز پێکردنی کورد دەبێت کە هەر کات کورد دەنگی دەرهات دەیبەستن و هەر کە کورد سەری خۆی داخست، بە خێری خۆیان دەیکەنەوە یا ڕەنگە هەر نەشی کەنەوە!!
- کێشەی بەرق چی لێ دەکەن کە هەرکات پێیان خۆش بو، نات دەنی؟

[2] مەبەستم لە هێنانی ئەم ڕەستە کورتە، تەوهین بە کەس نیە بەڵکو وشەی سەر زاری خەڵکە و بە مانای زیرەک و لێزان بونی غەیرە کورد دەکوترێت!
[3] ڕەسمی پشیلەکە، مەبەست نەقشەی ئێرانە کە بە نەمانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا، لە پشیلە دەردەچێت و دەبێت بە شتێکی تر!

- کێشەی فرۆکەوانی و گەشتە ئاسمانیە نێونەتەوەیەکان چۆن حەڵ و فەسڵ دەکرێن، کە لە کوردستان هەر لێی نیە؟
- کێشەی ئەم هەموە بێ ئابوری و بێ داهاتی و بێ کارخانەیی و بی فابریکیەی کوردستان چی لێ دێتەوە؟
- کۆمەڵانی بەرینی بێکار چیان بە سەر دێت؟

گریمان کە سیستەمی فیدراڵیستی داهاتو پێک بێت و کوردیش بچێتە ناو ئەم ئیئتیلافەوە، لە سەر ئەم گریمانەیە دەبێ بڵێین کە ئەم کێشانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن و زۆر کێشەی تریش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە کوردستان لە داهاتوشدا و لە چوار چێوە و قەوارەی فیدراڵیستیشدا هەر بێ بەش دەمێنێتەوە و پێم وا نیە کە ئەکسەریەت یا خۆ زۆرایەتی لە ئێران واتە فارس و تورک یا خۆ شیعە، هەر وا بە ئاسانی بێنە ژێر باری هەمو شتێک و بۆ کردنەوەی هەر بەلۆعەێک، ئیمتیازێک یا خۆ شارێکت لێ نەستێندنەوە و ڕەنگە هەر نەش هێڵن نەفەس بکێشیت.
جا بۆیە کورد نابێت، دایمە و دەرهەم بە دڵێکی تەواو پاکەوە بڕوانێتە هەر جۆرە ئیئتیلافێکی ئێرانی، نابێ خێرا هەمو شتێک بە ئاسانی قەبوڵ بکات، نابێت لە مافی زەوتکراوی خۆی پاشگەست بێتەوە. نابێت بڵێت کوڕە با هەر ئەم نیزامە نەمێنێت، جا چی دێت با بێت، چونکە دەتوانێت خراپتریش بێت، هەر وەک چۆن لە شۆڕشی پێشودا شا(خراپ) نەما، خومەینی (خراپتر) هات!

## دەبا ترسی سەربەستی و سەربەخۆیی لە خۆمان دادڕین

ئەوەی ڕاستی بێت، نەتەوەی کورد ئەوەندە تامی سەربەستی نەچێشتوە و ئەوەندە سەربەخۆیی بە خۆیەوە نەدیوە، لەم ڕاستیە دەترسێت کە بڵێت سەربەخۆیم دەوێت. کە چۆن سەر بەخۆ بێت؟ چۆن خۆی ئیدارە کات؟ بە مافی خۆی نازانێت کە باسی سەربەخۆیی بکات، دەترسێت سەربەخۆ بێت! پێی وایە کە ئەو ئێرانیە! ئەگەر غەیری ئەمە بیر بکاتەوە، ئەوا خیانەتی کردوە! دیارە تەبلیغاتی پان ئێرانیستەکان و تەواویەت خوازەکان و هێندێک لە چەپە خوارەکان و تەنانەت مێدیا جیهانیەکانیش ئەم شتە ناڕاستەیان خستۆتە بیر و مێشکی گەڵی کوردەوە کە گوایا ئەگەر کورد بە هەزار ئاویش بیشۆیەوە هەر ئێرانیە و کوردی ئێرانە و ڕاستی مەسەلەکە بە تەواوی شاردراوەتەوە.
ئەمە لە حاڵێک دایە کە گەڵی کورد سەرجەم زیاتر لە چل میلیون مرۆڤی هەیە و نەتەوەێکی بڕوا بە خۆیە و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە و دەیان ساڵە هەوڵ دەدرێت کە زمانی و کولتوری و فەرهەنگی و ئادابی و سونەتەکانی بشۆرنەوە. ئەگەر چی تا حەدێکیش لەم سیاسەتی تواندنەوەدا سەر کەوتو بون، بەڵام هەرگیز نەیان توانیوە هەمو ئاسەوارەکانمان لێ بسڕنەوە و کورد نیشانی داوە کە سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوەێکی سادە و ساکار و دڵ گەورەیە، هاوکات بە جەرگ و مەغرورە و هەر ئەمانەش بە ساکاری پێمان دەڵێن کە کورد دەتوانێت سەربەست بژیت، سەربەخۆ بێت، یەک گەڵ بێت، یەک نەتەوە بێت، یەک وڵات بێت و ئەگەر چی دوژمنانی ئەم گەلە دەیان ساڵە وڵاتیان بۆ کردۆتە کەلاوە و نە ئابوری هەیە، نە کارخانە و تەیارەخانەێکی هەیە، نە چاڵە نەوت و گازێکی هەیە، لە حاڵێکدا کە کوردستان لە سەر دەریای نەوت نوستوە، بەڵام سەرەڕای هەمو ئەمانەش کورد دەبێ و دەتوانێت بە دوا کەمتر لە بیست ساڵ سەربەخۆ بون هەمو ئەم کەم و کوڕیانە چارە سەر بکاتەوە (ئەگەر عاقڵ و ژیر و ئازادیخواز بێت و خۆی توشی شەڕی ناوخۆیی و شەڕیتر نەکات) و هەم نەتەوەێک بێت کە شانازی بە ئاڵا و پاسپۆرت و ناسنامەی خۆیەوە بکات، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانەوە، دوای سەد ساڵیش فیدراڵ بون، مادام وابەستەیە، هەر هیچی نەکردوە. مەگەر ئێمە چیمان لە وڵاتانێکی وەکو بۆسنیێکی نیو میلیونی، لیختن شتاێنێکی 300 هەزار نەفەری، سویسێکی 6 میلیۆنی، و دەیان نمونەی تر هەیە؟ مەگەر هەر کورد نین کە لە دەرەوەی وڵات شوێنی حەساسیان بەدەستەوەیە؟ دەبا هەمو

پێکەوە، جڵی ترس و دڵەڕاوکە و ئیدئۆلۆژی و زۆر کۆسپیتر لە خۆمان دادڕین و کوردێکی سوسیالیست، یا کوردیکی ئایینی یا کوردێکی ناسیونالیست یا کوردێکی ئابوریزان، وەرزشوان و هتد بین. با سەربەخۆ بین و ئەوجار بە شانازیەوە چی دەبین با ببین. بەسە ئیتر لە هەمو شوێنێک کە دەڵێن کوردین، لێمان بپرسنەوە کوردی کوێن!!

## بەڵی بۆ سەر بەخۆیی فیدراڵیستی بۆ بنەماڵەی گەورەی کوردستان

ئەو شێوە لە فیدراڵیزمەی کە بە بڕوای من دەتوانێت، شێوەیکی بە کەڵک، سودمەند و یەکگرتو بێت، شێوەی سەربەخۆیی فیدراڵیستیە بۆ هەمو بنەماڵەی گەورەی کوردستان. چۆن؟ دایک، کاتێک سوکنایی دێت و لە هەمو بابەتێکەوە دڵی دەحەسێتەوە کە منداڵەکانی، جگەر گۆشەکانی، خوشک و براکانی و کەس و کارەکانی هەمو لە دەوری یەک و لە دەوری خۆی و لە ناو ماڵی خۆیدا کۆ بوبێتنەوە و ئەمیش بە شانازیەوە چیرۆکی ڕۆژ ڕەشیەکانی و قارەمانەتیەکانی خۆی و کوڕ و کچەکانی بۆ منداڵەکانیان واتە بۆ نەوەکانی خۆی بگێڕێتەوە و ئەوانیش بە دڵەوە گوێ بۆ داپیرەی وڵاتیان بگرن و شانازی بە ناسنامەی خۆیان و قارەمانەتی دایک و باوکیانەوە بکەن و دەرس لە تەجروبە تاڵەکان وەرگرن.
باوک کاتێک دڵی دەحەسێتەوە کە ببینێت ڕۆڵەکانی، سەربەخۆن، کار و شوغڵیان هەیە، دەرسیان خوێندوە و پێگەیون، ژنیان هێناوە، شویان کردوە، کەس موحتاجی باوک نەماوە، نەوەکانی خۆی لە دەوری کۆ ببنەوە و ئەمیش دەستیان بگرێ و لە هەمو شوێنێک دسکردێک و قارەمانەتییێکی خۆی نیشانیان بدات و هەر کاتێک پێویستیان بە ڕێنوێنی و نەسیحەتەکانی باپیرە کرد بە دڵێکی گەورەوە و پڕ لە تاڵ و شیرینی ڕۆژگار چێشتو نەسیحەتیان بکات و ڕێگای دروستیان پێشان بدات. لە کاتی کێشەکاندا، هەر خێرا ڕینوێنی دروستیان بکات.

کوردستان بە هەزار پشت داپیرە و باپیرەی ئێمەیە، جا وەرە ئەم پیرە بە جەرگە، ڕۆڵەکانی هەزاران پشتی لێی کۆ بوبێتنەوە و ئەمیش باسی قارەمانەتی خۆی و ڕۆڵەکانیمان بۆ بکات! ئەبێ بڵێ چی؟ تۆ بڵێی بە دڵێکی حەساوەوە باسی ڕابردومان بۆ بکات؟ تۆ بڵێی لێمان ڕازی بێت؟

ئەگەر بێت و کورد لە گەڵ ئێران بچێتە ئیئتیلافێکی فیدراڵیستیەوە، وەکو ئەوە وایە کە لە کوردەواریدا بە شێوەی کۆن و هێندێکیش هاوچەرخ، کچێکمان یا خوشکێکمان شو بکات و بڕواتە ماڵی خەسو و خەزوران و لەوێش هەر مێردەکەی (پاڕلەمان) پشتیوانی بێت، ئەویش نەک بە تەواوی، باقی هەمو دژی بن. تەنانەت خاڵەکان و مامەکانی زاواش دژایەتی ئەم کچە لێقەوماوە بکەن، ئەم خوشکەی ئێمە هیچ ڕێگایێکی نیە بێجگە لەوەی کە یان لە گەڵ مێردەکەی جیا ببنەوە و بچنە کرێ ماڵەوە یا خۆ یەکسەر تەڵاق وەرگرێت و بێتەوە ماڵی باوکی بژی! جا بۆ ئێمە پێش لەوەی کە ئەم خوشکەمان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە شو بدەین، لە کاتێکدا کە دەزانین، بنەماڵەی زاوا بەو شێوەن و سەدان ساڵە دەیانناسین، نەیەین و ڕێگایێکیتر بۆ ئەم خوشکەمان بدۆزینەوە، با ئەم بۆخۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات، با بۆخۆی هاوسەری داهاتوی هەڵبژێرێت! ئاخر ئێمە با دەرسێکیش لە خوشکەکەی ترمان لە ڕۆژئاوا وەرگرین و ئاوڕێکیش لە بەسەر هاتی ئەو خوشکەمان بەینەوە، ئەو فەقیرەشیان دا بەو بنەماڵە عەرەبە ناحاڵیانە و ئەوانیش چارەیان ناوێت و ئەمیش درەنگ یا زو دەبێت داوای تەڵاق بەرز کاتەوە یا خۆ ڕەنگە ئەوان زوتر تەڵاقی بەن!

هەر بۆیە داوام لە حیزبە فیدراڵیستە خوازەکانی کوردستان ئەوەیە کە تکایە با بە تەنیا بڕیاری بە شودانی ڕۆژهەڵات نەدەن و لە گەڵ هەمو بنەمەڵەی ڕۆژهەڵات پرس و ڕا بکەن. با ئێوە زاواش (پاڕلەمان) بناسن و پێشتر کەین و بەینتان پێکەوە بوبێت و وەعدە و وەعیدیان پێتان دابێت، بەڵام خۆ

وەعدە و وەعیدی ناوخاڵی و بێ بنەما، کاتێک کە لە سەر وەرەقە وەک سەنەدێک ئیمزا نەکرابێت، نابێت بە هیچ. هەروەها دەبێت هەمو شتێک پێشتر و بە ئاشکرا بکرێت و هەمو بنەماڵە لە چکۆلەترین بڕیار ئاگادار بکرێتەوە، ئەگینا ئێمە بنەماڵەی ڕۆژهەڵات، بنەماڵەی زاوا لە مێژە دەناسین و تا ئێستاش هەر ڕەعیەتیانین. ئاخر ئەوان لە باری ئاینیشەوە هەر جیاوازیان هەیە لە گەڵ بنەماڵەی ئێمە، ئەوان باوەڕیان بە شیعەی دوازدە ئیمامیە و لە هەمو خراپتر باوەڕیان بە سەنگساری ژنە! ئەی کاکە سبەینێ ئەم ڕۆژهەڵاتەی خوشکمان سەنگسار بکەن، ئەوجار دەڵێن چی؟!!

جا بۆیە بە بڕوای من زۆر لازم و سروشتیە کە ئێمە بە زانین و تێگەیشتنەوە بڕوانینە ئەم پەیوەند و یەکگرتنە و هەمو لایەنەکانی زۆر بە باشی هەڵسەنگێنین. هەر لە ئێستاوە باشترە کە ئەم خزمایەتیە نەکەین و هەمومان لە حەولی ئەوەدا بین کە بگەڕێنەوە لای داپیرە و باپیرە و هەمومان لە دەوری ئەوان کۆ وەبین و لە سەر عەرزی ئەوان، سیستمێکی فیدڕاڵی بۆ هەمو وڵاتی کوردستان پێک بێنین و وەک زۆر وڵاتی دیکە بە شانازیەوە بژین. ئێمە بۆ دەبێت هەمو شتێکمان هەبێت، بەڵام شانازی پێوە نەکەین؟ بەڵام تورکی عوسمانی هیچیان نیە و شانازی بە خۆیانەوە دەکەن و ئێمەیەن هەر پێ بەشەریش نیە و پێمان دەڵێن تورکی کێوی؟ ئێمە بیرمان لەمە کردۆتەوە کە بۆ چی وایە؟ وڵامەکەی زۆر ئاشکرا و دیارە، لە بەر ئەوەی کە ئێمە یەکپاڕچە نین؟ یەکگرتو نین، یەک وڵات نین. داستانی پیاوەکە دێنمەوە بیرتان کە هەمو کوڕ و کچەکانی کۆ دەکاتەوە و باسی یەکگرتویان بۆ دەکات و دارەکانیان دەداتە دەست کە بیشکێنن، دارەکان تاکە تاکە بۆ هەمو کەس دەشکێن، بەڵام هەمو دارەکان پێکەوە بۆ کەسیان ناشکێن و پێیان دەڵێت کوڕەکانم، ئەگەر ئێوە یەکگرتوبن عوسمانیەکان قەت غیرەتی ئەوە ناکەن کە پێتان بڵێن تورکی وەحشی و غیرەتی ئەوە بە خۆیان نادەن کە لە بەر چاوی 5 میلیارد مرۆڤی سەر عەرزدا زمانەکەت لێ قەدەغە کەن و ئەوجاریش پێت بڵێن تێرۆریست!
هەر کام لەم دەستە خوشک و برایانەی کوردستان، ئەگەر بێت و لە گەڵ زڕ برا و زڕ خوشکەکانیان بە شێوەی فیدڕاڵی بژین، هیچ گاڕانتیێک نیە کە سبەینێ ڕۆژ، لە کاتی تەنگانەدا بە هاناتەوە بێن، کێ ناڵی سبەینێ وەک یوسفی کوڕی یەعقوب ناتخەنە ناو بیرەکە و دوایی ناڵێن گورگ خواردی؟ بەڵام خوشک و بڕا حەقیقیەکان باماڵیشیان جیا بێت و بە شێوەی فیدڕالیزم لە ناو یەک وڵات بە ناوی کوردستان دا بژین یەکتر بە چاو و دڵ دەپارێزن، هەر کامە حەول دەدات خانوەکەی خۆی جوانتر و خۆشتر و ڕێک و پێکتر کات یارمەتی یەکتریش بدەن و دەور و بەڕی ماڵەکانیان دەکەن بە گوڵ و گوڵزار و باخ و بێستان و بۆ هەمیشە لە بەری دەحەسێنەوە، بۆ ئەوەی کە ئیتر ماڵ ماڵی خۆیانە، جا بە دڵ و بە گیان بیرازێننەوە...!

دە با وەخۆ کەوین هەی کوردینە!